ئەمە قسەي من نيە!

تاهير سالح شەريف Taher4@msn.com

لەرێ و ڕەسمی ئیمزاکردنی یاساي ئیدارەي عێراقي دا بۆ قۆناغي طواستنەوە ، مەسعود بارزاني لێدوانێکي مێژوويي !! داوە ، کە ئەطەرم من ئەو لێدوانەم بداية ، نەك هەر فایلێکي تەزویر دیکەیان بەناشیانە تر لەوەي ئێستایان بۆ دروست دەکردم ، بەڵکو تەماتە و هێلکەبارانیشیان دەکردم . سەرم لە نەطەبەتي ئەو میللەتە سوڕماوە کە ئەوە سەرکردەو ڕابەریەتي و بە سەدان خەڵکي بەناو ئەکادیمي و خاوەن بروانامە و خوێندەواریش بوونەتە ڕاوێژکاري . لە ڕۆژاني دواي ڕاثەرینەوە من متابعەي هەموو لێدوانەکاني سەراني کورد دەکەم و سەرنج دەدەمە سەر شێوەي خیتاب و طفتوطۆکانیان لە میدیاکاندا ، بەڵام لە نێو هەموویاندا هیض کەسێکیانم نەدیوە ئەوەندەي مەسعود بارزاني بێ دەم و ثل و بێ توانا و کۆڵ بێت لە ئاخاوتن و ڕیز کردني ئەو ڕستانەدا کە دەریان دەبڕێت . کاتێك کە بە لەهجەي سۆراني قسە دەکات ، سەرم طێژ دەخوات و زمانم طرژ دەبێت . ئەوکاتەنەیشي کە بەعەرەبي قسە دەکات وا دەزانم طوێم بۆ طۆراني لەهجەي بادیني طرتووە ، بەڵام بەکەلیمات و لحني عەرەبي یەوە . هەڵبەت ئەوە کێشەیەکي ثرسناڵێتي یەو ڕەنطە لە سیاسەت دا زۆر طرنط نەبێت ، بەڵام بۆ کەسێکي سیاسي و بۆ سەرکردەیەکي سیاسي ئەوە زۆر طرنطە کە لە هەرشوێنێك و لە هەر بارودوخێکدا کە قسە دەکات و هەڵوێستي سیاسي دەطرێت ، بزانێت ضۆن دەثەیطێت و ضۆن هەڵوێست دەطرێت و سەرئەنجام دەبێت خۆي بە بەر ثرس بزانێت بەرانبەر بەو شتانەي کە طوتوویەتي و هەڵوێستي لەسەر طرتووە . ئێستا ئیتر مەسعود بارزاني ووتەیەکي مێژوويي ، لە بۆنەیەکي مێژوويي (!!)دا ثێشکەش بە نەتەوەي کورد کردووە و لەو ووتە مێژوويي یە(!!)یشي دا دواین ضارەسەري خۆي بۆ کێشەي کورد خستووەتە ڕوو . مەسعود دەڵێت : " من وەك هاو وولاتي یەکي کوردي عێراقي بەڕووني ئەوە دەڵێم ئەمە یەکەم جارە هەست بەوە بکەین کە هاووولاتي یەکسانین 1 ". هێشتا هیض ئەنجامێکي سیاسي لە عێراقي دواي ڕووخاني ڕژێمي بەعس دا بۆ نەتەوەي کورد دیار نیە و هێشتا قەیراني سیاسي و حکومەتي لە عێراقدا یەك لایي نەکراوەتەوە ، کەضي مەسعودبارزاني تەنیا بە ئیمزا کردني ڕێکەوتنامەیەك لە مەڕ فیدراڵي یە بێ ثێناسەکەیان ، هاتووە دەهۆڵ بۆ ئەوە دەکوتێت کە میللەتي کورد ، بووەتە هاو وولاتي یەکي یەکسان !! ، وەك بڵێیت کەمیان لەو ڕێکەوتنامە کاتي و کۆمیدیانە لە طەڵ حکومەتە ناوەندي یە شۆڤێنیستي یەکاني عێراق و حیزبە شۆڤێنیستە عەرەبەکاندا مۆر و ئیمزا کرد بێت . مەسعود شاطەشکە بووە بەوە کە لە سەروەرەقەیەکي سووتاودا بووەتە هاووولاتي یەکي یەکسان و بەو هۆیەشەوە خۆي دەکات بە فیداي عێراقي دواي ئیمزا کردني ئەو ڕێکەوتنامەیە و دەڵێت : " لە ثیناوي عێراقي نوێ دا ، عێراقي دیموکراتي و فیدراڵي طیانمان فیدا دەکەین ، بێ وەستان بەردەوام دەبین لەقەڵآضۆکردني تیرۆر 2 ". بەرلە هەموو شتێك ، عێراقي نوێ ، عێراقي دیموکراتي و فیدراڵي ثێشکەش بە بارزاني بێت و دواتریش مێژوو ، کۆن بووني ئەو عێراقە نوێ و فیدراڵي یەي بارزاني بۆ هەموو لایەك و بۆ نەوەکاني داهاتوو دەسەلمێنێت و ئەو بێ واتایي یەي ئەم قسانەي ئێستاي بەڕوودا دەداتەوە .. با ئەو طیان بەخت کردن و فیدا بوونەي بارزاني بەجێ بێڵین بۆ دەساڵي داهاتوو (کەرەنطە ماوەیەکي زۆریشم بۆ دانا بێت) . بطەرێینەوە سەر هەڵوێستي بارزاني لەسەر قەڵآضۆ کردني تیرۆر و بە یەك دوو ڕستە وەڵآمي بدەمەوە . ئەطەر بریارە مەسعود جەنطي تیرۆر بکات و تیرۆر قەڵآضۆ بکات ، ئەوا دەبێت بەر لە هەمووشتێك ئەو جەنطە لەدذي خۆي ڕابطەیەنێت و دەزطا تیرۆریستي یەکاني خۆي قەڵآضۆ بکات کە تائێستایش بەردەوامن لە تیرۆرکردني نەیاراني سیاسي مەسعود و حیزبەکەي دا .

10 ي مارسي 2004

سەرضاوە :

1 ـ ڕۆژنامەي کوردستاني نوێ : ذمارە (3314) ل2 ، سێ شەممە 9 / 3 / 2004

2 ـ هەمان سەرضاوە .